# چۆن مەلایەکی دوازدە عیلم بوو بە نەتەوەییەکی دڵسۆز وکومۆنیستێکی خاوەن بڕوا

ئەنوەر سوڵتانی
۲۰۱٦/۱۱/۲٦

*"ئەم وتارە لە کۆڕیادی ڕۆژی ۲٦/۱۱/۲۰۱٦ی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان، بە بێ نووسراوە، پێشکەش کرا و ئێستا هەوڵ دەدەم بیهێنمە سەر کاغەز. واهەیە دوو بابەتەکە دەقاودەق وەک یەک دەرنەیەن، بەڵام گەوهەرێکی هاوبەشیان هەیە و هەردوکیان دەربڕی یەک ڕوانگە و بۆچوونن.*

*با لەپێشدا ئەو خاڵەش روون بکەمەوە: بەداخەوە کەم واهەیە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکاندا بکرێت یاسایەکی گشتی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و تەنانەت لە یەک پارچەشیدا، بۆ هەموو بەشەکانی بەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی لە کرماشان گوزەراوە، گەلێک جار جیاواز بووە لە ڕووداوەکانی ئەردەڵان یان موکریان، یان باکوورتر، واتە ناوچەی ژیانی کوردی هەرکی و شکاک و جەلالییەکانی ماکۆ. لەم وتارەدا تەرکیز لە سەر موکریان دەکرێت."*

نەسلی ئێمە (ئەوانەی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتووینەتە جیهان)، نەسلێکی بەختەوەر بوو. یەک دوو نەسل پێشتر، بۆ ڕزگاری لە داو وبەندی نەریتی کۆن و ژیانی ناو کۆمەڵگای فیئۆداڵی، خەباتێکی بێ وچان کرا و ڕەنجی زۆر کێشرا. نەسلی دوای ئێمەش وەک دەبینین، تووشی شێرپەنجەی داعشی شیعە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) و داعشی سوننە (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام) بووە و ئەو مافانەش کە بۆی دەستەبەر ببوون، لێی زەوت کراوەتەوە. بەڵام ئێمە، وەک نەسلی نێوان ئەو دووە، بێ ئەوەی قەدری بزانین، گەلێک خێروبێرمان هاتبووە سەر ڕێ و کەڵکمان لێ بینیبوون:

دەرس و مەدرەسەی دەرەوەی حوجرەی مزگەوت، زانستی نوێی مێژوو (جیا لە ئەفسانەی سێ کوڕەکەی نووح پێغەمبەر)، جوغرافیا (جیا لە ئەفسانەی زەوینی تەخت و کێوی قاف و بەحری قولزوم)، فیزیک و شیمی و بایۆلۆژی، چوونە زانکۆ، خوێندن لە دەرەوەی وڵات، ئازادیی هەڵبژاردنی ئیش وکار[1]، ئازادیی لەبەر کردنی جل و بەرگی ئەمڕۆیی، کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، حزبی سیاسی، بیری چەپی پێشکەوتنخواز و گەلێک دیاردەی دیکەمان ئامادە لەبەردەست دانرابوو کە بە ماوەیەکی کەم پێش ئێمە، هیچکامیان بوونیان نەبوو و ئێستاش، ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات بەراوەژوویان بکاتەوە و خورافاتی هەزاران ساڵەیان لە شوێن دابنێت.

ئەو دەسکەوتانە بەرهەمی گەلێک ڕووداو و پێشهات و خەبات لە ناوچەکەدا بوون کە دەبێ وەک لیستەش بێت ئاماژەیان پێ بکەم:

- هاتنی ئوروپاییەکان بۆ ناوچەکە؛
- سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات (میرزا جەوادی قازی و ...)؛
- کرانەوەی ڕێگای ئەو هاتوچۆ و دابین بوونی کەرەسەی هاتوچۆ بۆ شارەکانی تر؛[2]

---

[1] . پێش ئێمە هەموو کەس بە بێ هەڵبژاردن، دەچووە سەر ئیش و کاری باوک و باپیری و لە زوربەی حاڵەتەکاندا بە زەوییەوە بەسترابووەوە.
[2] . هەروا نەسلێک پێش ئێمە، تاجرێکی سەقزی سەبارەت بە سەفەری خۆی لە سەقزەوە بۆ تەورێز لە پشت لۆرییەکی بارهەڵگر ، سەفەر نامەیەکی نووسی و بەشێوەی کتێبێکی سەرنجڕاکێش بڵاوی کردەوە: بڕوانە: مصطفی تیمورزادە، "وحشت در سقز"، بە کوشش شهباز محسنی، نشر شیرازە تهران ۱۳۸۰

- چوونی کورد بۆ دوو شاری گەورەی فەرهەنگیی لە ناوچەکە، ئەستەموڵ (مەلا سەعیدی بەدیعولزەمان)، تفلیسی گورجستان (عەلی خانی سەردار موکری)[٣]، لەندەن (دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی)، بەرلین (میرزا جەوادی قازی) و قاهیرە (فەرەجولڵا زەکی مەریوانی) و دەرس خوێندن لەو فەزا ئازادانەدا؛
- شۆڕشی مەشرووتە و بەشداری کردنی خەڵکی ناوچەکە لە خەباتی دژ بە ئیستیبداد؛[٤]
- کرانەوەی لقی 'ئازادیستان' ی شێخ محەممەدی خیابانی لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی؛
- هاتنی هێزەکانی 'متفقین' بۆ کرماشان و سنە و سوپای سۆڤیەتی بۆ موکریان؛
- ڕووخانی حکوومەتی ئیستیبدادیی ڕەزاشای پەهلەوی و گەڕانی خوێنی ئازادییەکی ڕێژەیی بە ڕەگی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی خەڵکدا لە ئێران و کوردستانیش؛
- چوونی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ (دوو جار)؛
- دامەزرانی حزبی خۆیبوون لە باکوور و هیوا لە باشووری کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد و ناوچەکانی دیکە؛
- هاتنی چاپەمەنی کوردی لە باکوور و باشوورەوە بۆ موکریان؛
- دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان لە تەورێز؛
- دەرچوونی ڕۆژنامەی کوهستان لە تاران[٥]؛
- دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد؛
- سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد؛
- دەرچوونی هەردوو گۆڤار و ڕۆژنامەی 'کوردستان' لە مەهاباد[٦] و گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان[٧]؛
- نوێ بوونەوەی شیعری کوردی لە ناوچەی موکریان بە هیممەتی سەیفولقوزاتی قازی، کە 'نیوەنووزە'ی ناو شیعری نالی و وەفایی کردە بانگەوازی مافخوازیی قانع و هەژار و هێمن و هێدی و خاڵەمین و حەقیقی و نووری؛ و ....
- گەلێک گۆڕانکاریيتر.

هیچکام لەو دەسکەوتانە سووک و سانا دەستەبەر نەبوون و بە هاسانیش نەگەیشتنە ناو کۆمەڵانی خەڵک. لەپێناو هەر دەسکەوتێکدا خەبات کرا و زەحمەت کێشرا و تەنانەت خوێن ڕژا. پێشڕەوانێک هەبوون کە

[٣] . پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، تفلیس بە 'پاریسی ڕۆژهەڵات ناو دەبرا و گەلێک ڕووناکبیری ئێرانی لەوێ خوێندبوویان وەک میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و دەروێش خانی مۆسیقار. عەلی خانی سەرداریش بە لاویەتی نێررابووە ئەوێ بەڵام کاتێ تورکی عوسمانی حەمە حوسەین خانی باوکیان لەساڵی ١٩١٤ دا لە مەراغە ئیعدام کرد، گەڕایەوە بۆکان و لەگەڵ خۆیدا کامێرایەکی وێنەگرتن و دووچەرخە (پاسکیل)ێکی هێنا، کە ناوی 'کەر-ماشێن'یان لێنابوو.

[٤] . بەپێچەوانەی نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی و ناظم الاسلام کرمانی، کورد لە خەبات بۆ مەشرووتە و دژایەتی کردنی ئیستیبدا دا، بەشدار بوو. لە کرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد ئەمجومەنی پشتگیری لە مەشرووتە پێکهات، لقی 'فیدائیان' بە چاولێکەری لە ئازەربایجان لە سەقز پێکهات، ٢٧ کەس فیدائی لە سەقزەوە چوون بۆ تەورێز و تەنانەت چەند کەسیان بوون بە حەرەس و نیگەهبانی سەتتار خان، لەگەڵ باقرخاندا بۆ شەڕی دژ بە ئیستیبدا چوون بۆ ئەردەوێڵ، لە گەڕانەوەی کوردستان، کاتێ بە کۆڵانەکانی تەورێزدا تێپەڕ دەبوون، خەڵک لەماڵانەوە نوقڵیان بەسەردا دەباراندن. بڕوانە کتێبی: "زنده باد مشروطه، پاینده باد قانون- خاطرات مرحوم حاج شریف نیلوفری"، به اهتمان عمر فاروقی، نشر گوتار، سقز ١٣٨٨.

[٥] . باوەکوو ڕۆژنامەکە وەک بەشێک لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بۆ چەواشەکردنی خەباتی سەربەخۆییخوازیی کۆمەڵەی ژێکاف بڵاو دەکرایەوە، بەڵام خەمخۆریی و دڵسۆزیی سەرنووسەرەکەی، نەمر ئیسماعیل ئەردەڵان (کەتەنانەت دەگوترێ ئەندامی ژێکافیش بووبێت)، ڕیسی دەوڵەتی کردەوە خوری و ئیتر ئەوانیش دوای دوو ساڵ ، مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی زیاتریان پێ نەدا. لەو ماوەی دوو ساڵەدا گەلێک کەسایەتی سیاسیی کورد بابەتیان تێدا نووسی و لەوانە، مەلاحەسەن و مەلا محەممەد سادق قزڵجی، هەژار، عەلی بەگی حەیدەری و سەعیدی هومایون.

[٦] . بە سەرنووسەریی نەمر سەیدمحەممەدی حەمیدی

[٧] . بە سەرنووسەریی نەمر حەسەنی قزڵجی

دەستیان لە خۆشییەکانی ژیان هەڵگرت بۆ ئەوەی ببن بە دەنگی زەمانی خۆیان و لە ڕابردووی کۆن دوور بکەونەوە.

قزڵجی یەک لەو کەسانە بوو کە بەشێک لە ئەرکی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای خستە سەر شانی خۆی و لە پێناویدا زەحمەتی کێشا. کوڕی مەلایەکی گەورەی وەک مەلا عەلی قزڵجی، نەوەی مەلا محەممەد حەسەن و نەتیجەی عەللامەی قزڵجی، هەموو کەرەسەیەکی بۆ ئامادە بوو کە دوای باوک و باپیری ببێتە گەورە مەلا و ئیمام جومعەی شاری بۆکان، ڕۆژانی هەینی بچێتە ناو میحراب و باسی گۆڕەوشار و پردی سیرات و مالیکی دۆزەخ و ڕووباری شیر و هەنگوین بۆ خەڵک بکات. بەڵام چی ڕووی دابوو کە ڕێبازی گۆڕی و شێوازێکی دیکەی ژیانی گرتە بەر، واتە لەو ئاسمانە خەیاڵاوییەوە هاتە سەر زەویی ڕەقەنی واقیع؟ چۆن بوو دەستی لە ملی حۆرییە حەفتا گەزییەکانی بەهەشت کردەوە و خۆی خستە خزمەت گەلێکی چەوساوەی بێ بەش و خەڵکێکی هەژاری چارە ڕەش؟ چۆن بوو بە نووسەری وتارێکی نەتەوەیی کە پێشەوا قازی محەممەد لە پەسندیدا بڵێت 'بریا زۆری وامان هەبان'[8] و چۆن بانگی سوسیالیزم و یەکسانیی بەگوێی خەڵکدا دا؟ ئەو ڕێگا دوور و درێژە چۆن بڕا؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵام دەبێ چاوێک بە ژینگەی دەوروبەری و کەسایەتی خۆیدا بخشێنین:

یەکەم، ئەو موکریان و کوردستان و ئێرانەی ئەوی تێدا دەژیا، ئەوە نەبوو کە مەلاعەلیی باوکی و مەلا محەممەد حەسەنی باپیری بینیبوویان. حوکمی ڕەزاشا هەڵوەشابووەوە، هەستی نەتەوایەتی کورد دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدێللای نەهری و سمکۆ و شێخ سەعید و شێخ مەحموود و بارزان گەیشتبووە ئەوپەڕی هێز.

دووەم، ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ هەواڵەکانی ئەوپەڕی جیهانیان بەگوێی خەڵکدا دەدا.

سێهەم، بیری سوسیالیستی لەو ساڵانەدا باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشا بوو و بەتایبەت لە وڵاتانی هەژار و ژێر ئیستیعمار و چەوسانەوەدا وەک تاقە ڕێگای ڕزگاری خۆی دەنواند و گەلێک وڵاتی ئەفریقا و ئاسیا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنابوو، یان لە پێناویدا خەباتیان دەکرد.

چوارەم، سوپای سوڤیەتی لە ناوچەکەدا بوو. یەکیەتی سوڤیەتی هەڵگر یان نوێنەری بیرێکی سیاسی بوو کە تێیدا یەکسانی ماف بۆ هەموو زەحمەتکێشان و گەلانی بێ بەش، دروشمێکی سەرەکی بوو. پێشڕەو و مامۆستایەکی وەک سەیفی قازی[9] و قانع و هەژار[10] وهێمن و زەبیحی بە شان وباڵی سوپاکە و سیستمەکە و ڕێبەری حکوومەتەکەیاندا هەڵگوتبوو.

پێنجەم، قزڵجی خۆی، وەک نووسەری وتار و سەرنووسەری گۆڤار، لە پەسندی ئەو نیشتمانپەرستی و بەرانبەریی مافەدا بابەتی نووسیبوو[11] و هەوڵی چەسپاندنی بیر و بۆچوونی یەکسانیی لەناو خەڵکدا

---

[8] مامۆستا هێمن، سەرەتا بۆ چاپی 'پێکەنینی گەدا'
[9] ڕووسوورە هەرکەسێ کە "قزڵ ئوردوو'ە پەنای / بۆ مە ئەوە بەسە، کە پەنای دیکەمان نییە... قوربانی پێشەوایەکی وا بۆ نەبێ حەسەن؟،،،، تا ڕووس بمێنێ، کاکە، لە تاریخی عالەما / بەیداغیشی کە سوورە، بە خوێنی ڕژاوییە (دیوانی سەیف).
[10] . بژی ئیستالین، خۆش بێ چەکچوداس / لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس (کۆمەڵە شیعری ئاڵەکۆک، هەژار)
[11] . شادبێ لێنین و بژی ئیستالین بۆ ئوردوویەکی ئازا و بەجەرگی وەک هێزی سووریان ڕەنێو هێناوە (ژمارە ٢ ی گۆڤاری هەڵاڵە).

دابوو. لە کەسایەتی قزڵجیدا بیری نەتەوەیی وەها ئاوێتەی بیری سوسیالیستی ببوو کە لێک جیاکردنەوەیان ئەستەمی دەنواند.

شەشەم، قزڵجی لە سەردەمی ئاوارەیی دوای هەرەسی کۆمار، لە 'سیتەک' و سلێمانی، کەوتبووە پەیوەندێکی دوولایەنەی ناسیۆنالیستەکانی باشوور و لایەنگرە کوردەکانی حزبی شیووعی عیراقەوە، کە ئەودەم ژمارەیان شانی لە شانی ژمارەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا.

حەوتەم، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە چوو بۆ بوڵغاریا[١٢] و لەوێ لە پەیوەندی حزبی توودەی ئێراندا، بوو بە یەک لە بەرپرسە سەرەکییەکانی ڕادیۆی پەیکی ئێران (بەشی کوردی)، کە لە سەردەمی تاریکی مێژووی سیاسیی ئێران، بە تایبەت دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢، تاقە بڵیندگۆی ئازادیخوازی و خەبات و خۆڕاگری دژ بە حکوومەتی پەهلەوی بوو.

هەشتەم و واهەیە لە هەمووان گرنگتر ئەوەی، کە خۆی، لە زاتی خۆیدا، گەوهەری وەرگرتنی ئەو بیرۆکە نەتەوەیی و یەکسانی خوازەی هەبوو و ئەوەش لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە باشی دەردەکەوێت. ئەوە نموونەکانیەتی:

وتاری ناو ڕۆژنامەی کوهستان (ژمارە ٢١) و کوردستان (ژمارە ٣٣ تا ٤٠) و هەڵاڵە (هەر چوار ژمارەکەی) و نووسراوەکانی باشووری کوردستانی (گۆڤاری هیوا، ڕۆژی کوردستان، بیری نوێ، ڕۆشنبیری نوێ، ...) و بابەتەکانی دەرەوەی وڵاتی (چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا- کە نموونەی باشی شێوازی ڕیئالیزمی سوسیالیستین و وتارەکانی سەر ڕادیۆی پەیکی ئێران و کارە وەرگێڕاوەکانی لە ماکسیم گورکی و چیخۆف و...هوە)، و سەرئەنجام، سەرنووسەریی ڕۆژنامەی کوردیی 'نامه مردم' ی حزبی توودەی ئێران، کە من لام وایە دەرچوونەکەی، زیاتر خواستی ئەو بووبێت تا سیاسەتی حزب لە کوردستان و ئێران، دەنا بۆچی نامەی مەردوم بە زمانی گەلانی دیکەی ئێرانیش بڵاو نەکرایەوە؟

بە بۆچوونی من مامۆستا قزڵجی لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژە و ژیانی ٨٦ ساڵەیدا، سەرەڕای وەرچەرخانی زۆری سەردەم و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان، وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری کوردستان مایەوە و ئەوەش هیچ جیاوازی یان دژایەتییەکی لەگەڵ بیرۆکەی چەپی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە نەبوو، کە لە زاتی خۆیدا دەبوایە هەستی خۆشەویستیی کۆمەڵانی گەل و نیشتمان ناوەڕۆکی سەرەکیی بێت.

***

نەسلی ئێمە قەرزداری خەباتی زۆر کەسانە کە قزڵجیش یەکیانە. ئەوان ڕێخۆشکەر و ڕچە شکێنی ڕێگایەک بوون کە ئێمەی بەختەوەر پێدا ڕۆیشتین، جا ئەگەر نەگەیشتینەجێ، پرسیارێکە دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە و بەداخەوە وەڵامدانەوەی نە بابەتی ئەم کۆبوونەوەیە و نە لە دەست من دێت.

یادی مامۆستای دڵسۆز و خەمخۆری گەل و نیشتمان حەسەنی قزڵجی هەمیشە زیندوو بێت و سپاسی ئەو دۆست و برادەرە بەڕێزانە دەکەم کە ئەرک وەرگێرانی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدایان بۆ سەر

[١٢] چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار.

زمانی فارسی گرتۆته ئەستۆ و زەحمەتی بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕەیان بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای نەمر کێشاوە.

سەرکەوتوو بن!